

## ئەنترۆپۆلۆژیستی لوبنانی مەروە کرێدیە بۆ گوڵان:

# ئازادبوونی ژنان مانای کۆیلەبوونی پیاوان ناگەیەنێ

خانمە نووسەر و روناکبیری لوبنانی مەروە کرێدیە، خانمێکی دیاری بواری داکۆکیکردنە لەمافەکانی ژنان، کرێدیە بەچالاکڤانێکی ناسراوی نێوەندی رۆشنبیری عەرەبیش هەژماردەکرێ، خانمی کرێدیە لەدایکبووی وڵاتی لوبنانە، توێژەرێکی دیاری واری ئەنترۆپۆلۆژیاشە، لەنەوەدەکانی سەدەی رابردووەوە حزوری بەرچاوی لەنێوەندی رۆژنامەگەری و ئەدەبی عەرەبیدا هەبووە. ناوبراو زانکۆی لوبنانی تەواوکردووە، ماوەیەکە وەك هاوکارێکی بەردەوام لەگەڵ چەند رۆژنامەیەکی کەنداو و گۆڤارێکی عەرەبی کاردەکات. ئەو خانمە سەرباری وتار و نووسینە رۆژنامەوانییەکانی دەستێکی باڵاشی لەشیعرنووسین و هونەری شێوەکاریدا هەیە و خودان چەندین توێژینەوەی ئەنترۆپۆلۆژییە، دیارترینیان (حوار الحضارات بين العقلية دوغمائية والعقلية التواصلية) و (الهوية و توق التمسك بالجذور)ە، هەفتەنامەی گوڵان بۆ شرۆڤەکردنی پرسی بەشداری ژنان لەکاری سیاسی و توندوتیژی ژیندەری ئەو گفتوگۆیەی لەگەڵ سازکرد.

## ژن و دەسەڵات

*** هەندێـــك پێیانوایە ئافـــرەت تەنیا ئەوکاتە ئازاد دەبێ کە دەگاتە هەرەمی دەســـەڵات یان لێوەی نزیك دەبێ، بەڵام لەرۆژهەڵاتـــدا زۆرینەی دەســـەڵاتە سیاســـییەکان ئافرەتـــان وەك ماکیاژ و رووکەشکردنی دەســـەڵات بەکاردێنێن، رای ئێوە چییە سەبارەت بەم پرسە؟**

- لەسەرەتادا حەز دەکەم ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە هەردەم چارەســـەرکردنی کێشە و بابەتەکانی ژنان بەو چاوە سەیرکراوە کێشـــەگەلێکن تەنیا خـــودی ئافرەتان دەگرێتـــەوە و نەك هەمـــوو کۆمەڵگە، لەراســـتیدا ئـــەوەش ئیشـــکالییەت و گرفتێکی جیدییە، کاتێك لەتەلەڤزیۆن و رۆژنامە و گۆڤـــارەکان یان بەهۆی سیمینار و کۆڕ و کۆنفرانسەکان تیشك دەخرێتە سەر پرســـەکانی (یەکسانی- ماف- ئازادی) دەبینین ئەو باســـکردنە قاڵب و شـــکڵێکی دووبارە و کۆنکرێتی وەرگرتووە هیـــچ ئیزافە و نوێکارییەك لەخســـتنەڕووی چارەســـەرییەکاندا نابینـــدرێ، بێگومان ئـــەم حاڵەتەش بەشێوەیەك لەشێوەکان هێما بۆ ئەو فەوزا فیکری و پاشـــاگەردانییە رۆشنبیرییە دەکات، کـــە کایـــەی رۆشـــنبیری تێیکەوتـــووە، هـــاوکات هێماشـــە بۆ نەبوونی مەنهەجییەت لەشـــیکردنەوەی دیاردەکانـــی ژیانیـــان و دۆزینـــەوەی چارەسەریی بۆیان.

لەراستیدا ئەو فەلسەفە کۆمەڵایەتییەی کە بەهۆیەوە هەوڵی چارەســـەرکردنی ئێش و ئاریشـــەکانی ژنانـــی پێدەدەین لەبنەڕەتدا فەلســـەفەیەکی ســـەقەت و هەڵەیـــە، فەلســـەفەیەکە هەوڵـــی گواســـتنەوەی ئەو واقیعەی ئێستا بۆ واقیعێکـــی تاڵتـــر دەدات، واقیعێك کە ئافرەتان نەتوانن لەکۆیلایەتی رزگاریان بێ، بەکورتی گەر بمانەوێ واقیعیانە و دووربینانە کێشـــەی ژنان بخەینەڕوو پێویســـتە لەچوارچێوەیەکـــی فراوانی ئینسانی- جیهانی گشتگیر بیخەینەڕوو لەئاریشـــەکانی دیکەی کۆمەڵی جیا نەکەینەوە.

*** کەواتە بەپشتبەســـتن بەو واقیعەی ئامـــاژەت پێدا چۆن لەپرســـی ئازادی ژنان دەڕوانی؟**

- ئەگـــەر بمانەوێ باس لەئازادی ژنان بکەین پێویستە لەچوارچێوەی ئازادییە گشتییەکانی کۆمەڵەوە بۆ باسەکە بچین، چونکە ئەو توندوتیژی و چەوساندنەوەی ژنان دووچاری دەبنـــەوە تەنیا و تەنیا رەنگدانـــەوەی ئـــەو توندوتیژییەیە کە مرۆڤ بەگشتی رووبەڕووی دەبێتەوە، پیاوان بەدەست سەرکوتکردنی دەسەڵاتەوە دەناڵێنن، زۆرێـــك لەچین و توێژەکانی کۆمەڵ دووچاری توندوتیژی رێکخراو یان نارێکخراو دەبن، گەر مەســـەلەکە فراوانتـــر بکەیـــن دەکـــرێ بڵێین ئەو دەسەڵاتە سەرکوتکارانەی هاوڵاتییانی خۆیان دەچەوســـێننەوە، ئەوانەی تریش بەجۆرێك لەجـــۆرەکان لەلایەن دەوڵەتە زلهێز و باڵا دەســـتەکان تووشی ترس و تۆقاندن دەبـــن، جا بەهۆی داگیرکاری ســـەربازییەوە بێ یان سزای ئابووری و دیپلۆماسی. بۆیە دەڵێم، کێشەی ئازادی ژنان کێشـــەی ئازادی مرۆڤە، ئەوەی ئازادی لەخەڵك زەوتدەکات خۆشی ئازاد نییە، پیاوان مافی زەوتکردنی ئازادی ژنانیـــان نییـــە، هـــاوکات ئازادبوونی ئافـــرەت مانـــای کۆیلە بوونـــی پیاو ناگەیەنێ، کەواتە چارەســـەری هاتنە دەرەوەیـــان لەبازنەی کۆیلایەتی ئازادی مرۆڤ بەندە بەرادەی هۆشـــیارییەوە، ناکرێ لەکۆمەڵگەیەکی نائازاددا باس



مەروە کرێدیە: ئەوەی ئازادی لەخەڵکی زەوتدەکات خۆیشی ئازادنییە

**لەدەستدانی هاوسەنگی لەنێوان رۆح و ماددە یەکڕاست دەبێتە هۆکاری لەناوچوونی کۆمەڵگە**

**تا ژنان لەناخدا ئازاد نەبن و هەست بەدوورایییەکانی بوون و کیانی خۆیان نەکەن، هەر بەپاشکۆ دەمێننەوە**




لەمافەکانی ژنان بکەین، ئەوکاتەی مرۆڤ بیر و هۆشی ئازاد دەبێ و هەست بەئینسانییەتی خۆی دەکات ئەوکاتە ئازادی ئافرەت و مافەکانی منداڵ دەبنە نۆرماڵ و ئاسایی.

## ژن و کاری سیاسیی

*** بەڕای ئێوە پشکداری لاوازی ژنان لەبواری سیاسەت و حوکمڕانیدا بۆ نەبوونی دیموکراسییەت دەگەڕێتەوە یان سستی ئیرادە و هۆشیاری ژنان؟**




- بەشداری ژنان لەکاری سیاسیدا بەپشکدرای شکڵی ناکرێ، گەر ژنان لەناخدا ئازاد نەبن و هەست بەدوورابییەکانی بوون و کیانی خۆیان نەکەن ئەوا هەر لەپاشکۆ و پەراوێزدا دەمێننەوە، گەر لەحوکمڕانیشدا بەشداربن بەشدارییەکی پاسیف و بێ ناوەڕۆك دەکەن، هەروەها پەیوەندییەکی جەدەلیش لەنێوان نەبوونی دیموکراسی و بزربوونی ناسنامەدا هەیە، لەسسیتمە شمولیەکاندا چەمکی دەسەڵات گرێدراوی هەیمەنە و باڵادەستییە، کێ بەهێزە ئەو جڵەوی دەسەڵاتی لەدەستە، بێگومان بەهێز و باڵادەستەکانیش پیاوانن، لێرەوە ئاریشەی چەوساندنەوە و کۆیلایەتی سەرهەڵدەدا و ئاستی توندوتیژی پیاوان ژنان و منداڵان دەهاوێ، بەڵام ئەگەر چەمکی







دەسەڵات بریتی نەبێ لەباڵادەستی و هەیمەنە ئەوکات ئەو چەمکە واتای خزمەتکردنی مرۆڤ دەدات و دەسەڵات لەبری ئەوەی هۆکارێك بێ بۆ چەوساندنەوە و نارەحەتی دەبێتە هۆکاری خۆشگوزەرانی و ئازادبوون و کاری سیاسیش لەبازنەی قۆرخ کردن و تەحەکومەوە دەرباز دەبێ و ئامانجە ئینسانییە خزمەتگوارییەکەی خۆی دەپێکێ، لێرەدا ئەو پرسیارەی کە پێویستە لەخۆمانی بکەین ئەوەیە ئایا ئێمەی ژنان دەمانەوێ هەژموون و باڵادەستی پیاوان بەباڵادەستی ژنان بگۆڕینەوە؟ یان گەرەکمانە پەرە بەهۆشیاری مرۆڤ بەئاراستەی چەمکی (دەسەڵات) و (دەوڵەت) و (کاری سیاسی) بدەین؟

گۆڕینی هەژموون و باڵادەستی بەباڵادەستی کەسانێکی دیکە و گواستنەوەی بۆ ژێندەرێکی دیکە خزمەتی مرۆڤایەتی ناکات، گەر ئێمە بەو ئاراستەیە کار بکەین کەواتە هیچمان نەکرد، خاڵی گرنگ ئەوەیە ئێمە هەست بەئینسانییەت و بوونی خۆمان بکەین، هۆشی ئەوەمان هەبێ کە بەسروشت خودان مافی مرۆڤانەی خۆمانین و کەس بۆی نییە لێمان زەوت بکات، هەر بەو هەستەوەش دەتوانین چالاکانە لەدروستکردنی بڕیار و بڕیارداندا بەشداربین.

*** بە چ پلان و نەخشەڕێگەیەك دەتوانین چارەسەری بەڵای توندوتیژی بکەین؟ ئایا ئەو مەسەلەیە تا چەند بەڕۆشنبیری کۆمەڵگەوە پەیوەستە؟**

- وەك لەسەرەتادا ئاماژەم پێدا توندوتیژی دیاردەیەکی کاتی لەناکاو نییە، یان دیاردەیەك نییە ناوچەیەکی دیاریکراو بگرێتەوە، بەڵکو کردارێکە پەیوەندی بەدوورابییەکانی ناسنامە و بیرکردنەوەی مرۆڤەوە هەیە، سیستمی پەروەردە و شێوازەکانی فێرکردن لەرۆژهەڵات کۆمەڵگەی توندوتیژ بەرهەمدێنێ، توندوتیژی تەحەکوم بەنەستی گشتی کۆمەڵگە دەکات و هەر ئەویشە فەلەکی سیاسەت و ئابووری و کۆمەڵایەتی دەسووڕێنێ، بەکورتی توندوتیژی بەشێکە لەزەخیرەی ئایدیۆلۆژی و رۆشنبیری و تاك، خۆ دەربازکردن لێی پێویستی بە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و فکری و رۆشنبیری هەیە.

*** کەواتە رۆئیا و رێگەچارەی ئێوە چییە بۆ مرۆڤ (پیاوان بێ یان ئافرەت) ئەگەر بیەوێ بەئازادی بژیت؟**

- ئەو ئاڵۆزیانەی کە کۆمەڵگەیان گیرۆدە کردووە وامان لێدەکەن بەشێوەیەکی جیاواز لەوەی لەسەری راهاتووین بیربکەینەوە، ئەمڕۆ رووداوەکان خوێناوی و خێرا رێدەکەن، وەك ئەوە وایە ئێستامان هیچ نەبێ و داهاتووش بوونی نەبێ، رۆژ دوای رۆژ دوورایی و ململانێکانی نێوان تاك و تاك هەروەها تاك و کۆمەڵگە قوڵتر دەبنەوە و هێما و ئاماژەی ترسناکمان پێدەدەن، ترسێك پێویست بەهەڵوەستە و قووڵبوونەوە دەکات. با کەمێك لەو واقیعە تاڵ و ترسناکە دووربکەینەوە، بە نەست و لاشعوریمان کات و شوێنی ئێستامان جێ بهێڵین و کار بۆ بونیادی واقیعێك بکەین هارمۆنی و هاوئاهەنگ بێ لەگەڵ سروشتی مرۆڤ و بپرسین، چۆن دەتوانین خەون بەکۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو و هاوسەنگ ببینین؟

لەدەستدانی هاوسەنگی لەنێوان رۆح و ماددە یەکراست دەبێتە هۆکاری لەناوچوونی کۆمەڵگە، مامەڵەکردن لەگەڵ مرۆڤ لەسەر ئەساسی ماددە دوور لەلایەنە رۆحی و مەعنەوییەکە پێوەرکردنی مرۆڤ تەنیا بەوەی کە لەڕووی ماددییەوە چەند بەرهەمدێنێ، بێگومان دەبێتە هەرەسهێنانی کۆمەڵ، چونکە رۆح دوورایەتی بنەڕەتی لەدوورابییەکانی پێکهاتەی مرۆڤ پێکدێنێ، فەرامۆشکردنی واتە فەرامۆشکردنی نیوەی کیانی مرۆڤە، بۆیە با رێز لەسروشت، گەردوون، سەرجەم کائینات و زاتی خۆمان بگرین، رێز لەئازادی رۆحمان بگرین و ساتێك لەو واقیعە تاڵە خوێناوییە دوور بکەینەوە، رووەو ئاسۆیەکی گەشی بونیادنراو بەپێشکەوتنی رۆحی و دەروونی و

جەستەیی تاك هەنگاو هەڵێنین و دەرگەیەکی گەورە و فراوانیش لەبەردەم پێکەوەژیان و لێبوردەیی و دانان بەمافی خەڵکانی دیکە بکەینەوە.
ئەمڕۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی سەرپشکە لەوەی کە بە چ شێوەیەك بژیت، ڕێگەی پێشکەوتن و خۆ نوێکردنەوە بگرێتەبەر یان خۆی لەنێو ململانێ و شەڕە نەپچڕاوەکان بتوێنێتەوە، گرتنەبەری ڕێگەی پێشکەوتن بەبێ ناخۆشی و برك و ژان نابێ، ئازارەکانی زۆر لەئازاری منداڵبوون دەچێ بەپلەی یەکەمیش گرێدراوی زانست و هۆشیاری و کولتوور و پەیوەندی مرۆڤەکان بەیەکتری و دواجار پەیوەندی مرۆڤ بەکائیناتەکانی دەوروبەرییەوە هەیە.

*** لەوانەیە ئەو تێزەی تۆ تاڕادەیەك تێزێکی نادیار بێ، چونکە وەك دەزانن بەردەوام هەڵاواردن و جیاکاریی هەبووە و، ژن و پیاو وەك یەك تەماشا نەکراون؟**

- مرۆڤ نێر بێ یان مێ مرۆڤێکە سەر بەگەردوونە، خۆگونجاندن لەگەڵ یەکە جیاوازەکانی گەردوون وای لێدەکات ڕێز لەمافی زیندەوەرەکانی دیکە بگرێ، ڕاستە پێکهێنەرەکانی گەردوون لەشکڵ و ناوەڕۆکدا جیاوازن و لەیەکدی ناچن، بەڵام بەو جیاوازییە جوانی و جووڵەیان بەگەردوون بەخشیوە و بەردەوام لەگۆڕاندان، ئەم حاڵەتە لەگەڵ دوو بەشە جیاوازەکەی مرۆڤیش (نێر و مێ) دەگونجێ، پێویستە ئەو جیاوازییە خاڵی بەهێزکردنی مرۆڤبوون بێ نەك هۆکاری چەوساندنەوە و باڵادەستی یەکێکیان لەسەر ئەوی دیکە.

*** ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەر بارودۆخی عێراق بەگشتی و کوردەکان بەتایبەتی و شرۆڤەیەك بۆ هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکە بکەین و ڕەوشی ژنان بخەینە بەر توێژینەوە و هەڵسەنگاندن، چۆن شرۆڤەی بارودۆخی هەنووکەیی ئەو ناوچەیە دەکەیت؟**

- بەگشتی بارودۆخی عێراق زۆر جیاواز نییە لەبارودۆخی گشتی ناوچەکە، کرۆکی ململانێ و ئاریشە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ناوچەکانی هەر لەلوبنان و فەڵەستینەوە تا دەگاتە عێراق و ئەفغانستان لەنایەکسانیدا خۆی بەرجەستە دەکات، نەبوونی یەکسانی هەستی چەوساندنەوە دەچێنێ، لێرەوە توندوتیژی بەرهەمدێت، یەکسانی ئەو مەبدە ئەخلاقییەیە کە ڕێز لەمافەکانی مرۆڤ دەگرێ و ڕێگە نادات کەسێکی دیکە بەهەر برڕ و بیانوویەك بێ دەستیان بەسەردا بگرێت، بێگومان ئەو چەمکەش هەموو مرۆڤەکان بەجیاوازی (ڕەگەز و ئایین و ڕەنگی پێست و.. تد) دەگرێتەوە، کاتێك بمانەوێت یەکسانی بەرقەرار بکەین پێویستە هۆ و کەرەستەی دادپەروەرانە بەکاربهێنین، عەدالەت بەتوندوتیژی ناچەسپێ، پێویستە لەسەر کۆمەڵگەی کوردی و عێراقی خۆی بەکەرەستەی مەدەنیانە چەکدار بکات، یەکسانی تەنیا سزادانی کەسی تاوانکار و هەڵەکار نییە بەڵکو دۆزینەوە و دامەزراندنی دەزگایەکە ڕێگە لەدروستبوونی ناعەدالەتی بگرێ، هەربۆیە دەبینین ئەمڕۆ زۆربەی گەلانی ناوچەکە ئەگەر دووریش بن لەشەڕ و پێکدادانی سەربازی کەچی هەر هەست بەئاشتی ناکەن، چونکە هێشتا دیموکراسییەت و مافی مرۆڤ و یەکسانی لەناویاندا بزرە، ئیرادەی ئاشتی واتەی نەبوونی شەڕ نییە، بەڵکو هەبوونی عەدالەتە.



**مەروە کرێدیە: کێشەی ئازادی ژنان کێشەی ئازادی مرۆڤە**

**پێویستە باسکردن لەئازادی ژنان لەچوارچێوەی ئازادییە گشتییەکانی کۆمەڵ دەرنەچێ**

**ئەو فەلسەفە کۆمەڵایەتییەی کە بەهۆیەوە هەوڵی چارەسەرکردنی ئێش و ئاریشەکانی ژنانی پێدەدەین لەبنەڕەتدا فەلسەفەیەکی سەقەت و هەڵەیە**



# ئاشكرابوونی ساختەكارییەكانی مەجید

## تەسلیم كردنی بڕە پارەی زەوی و خانووەكان

ئێوارەبوو كە (هێرش) چووە نووسینگەیەك كە (مەجید) گوتبووی نووسینگەی خۆمە، هەموو لەوێ دانیشتبوون، كابرای خاوەن نووسینگە كە ناوی (فەرحان) بوو، دەفتەری گرێبەستەكانی ئامادە كردبوو، هەتا (هێرش) چوو بوو، لەسەر قسەی (مەجید) هەندێ زانیاری بنەڕەتی تێدا پڕكردبۆوە كە لەو قەواڵەیەدا (سەندنی زەوییەكە) هەبوو كە نیشانی ئەوی دابوو، (هێرش) گەیشت و سڵاوی لێكردن، دوای چەند خولەكێك باسەكە هاتە گۆڕێ و (فەرحان) ی خاوەن نووسینگە لەسەر بنەمای پێكهاتنی هەردوولا لەسەر كڕین و فرۆشتنی پارچە زەوییەكە، گرێبەستەكەی بۆ پڕكردنەوە و هەردوولا مۆریان كرد و (هێرش) پارەی زەوییەكەی كە كردبوویە دەفتەرێك و نیو، بە كاشی دایە دەست (مەجید) و (فەرحان)یش وەك ئەوەی كە (مەجید) پێی گوتبوو هیچ دەنگی نەكرد كە دوای ئەوەی بڕە پارەی خۆی لە فرۆشتنی زەوییەكە وەردەگرێ، گوایە وا رێككەوتوونە كە پارەی دەڵاڵی هەردوولا (مەجید) بەخۆی بیدات. ئینجا قەواڵەكە و بریكارنامەكە درایە (فەرحان) بۆ ئەوەی دواتر بیداتە پارێزەرەكەیان تا بەناویان بكات.

ئەمە ئیشی دووەمی (مەجید) بوو، پاش دوو سێ رۆژی تر، هەمدیسان قەواڵەی زەوییەكی دیكەی هێناو لەسەر نەخشەكەی سەر دیواری نووسینگەكە بۆ (فەرحان)ی روون كردەوە و بە قەڵەمێكی سوور هێڵێكی لەپێ كێشا، دوای دوو رۆژ ئەو زەوییەش فرۆشرایە كەسێكی تر و لەوێش دوو دەفتەر دۆلاری سەند، بە كورتی دوای تەنیا هەفتەیەك دوو خانووی تری بەمشێوەیە فرۆشت، ئیتر (مەجید) چیتر سەری نەكرد بە نووسینگەكەی (فەرحان) و پێی لە نووسینگەی بڕی.

دوو هەفتەی پێچوو (هێرش) تەلەفۆنی كردەوە بۆ (فەرحان) و پرسیاری درەنگ كەوتنی بەناوكردنی زەوییەكەی لێكرد، ئەویش ژمارەی مۆبایلەكەی پارێزەرەكەی دایە كە بە خۆی قسەی لەگەڵ بكات باشترە و ئەو زانیاری زیاتری لایە، تا بتوانێ مامەڵەكە گەیشتۆتە كوێ (هێرش) تەلەفۆنی بۆ پارێزەرەكەی كرد و ئەویش پێی گوت دوای دوو رۆژی تر دەست دەكات بە رایی كردنی كارەكانی (مەجید) چونكە، دوو سێ مامەڵەی تریشی هی ئەو لایە، هەموویان پێكەوە رادەپەڕێنێ. هێرش تەنگەتاو بوو، چونكە پارەیەكی زۆری بە پارچە زەوییەك داوە، كەچی هیچیشی دیار نییە. نیگەران بوو، بەڵام هەرچۆنێك بێت دانی بەخۆیدا گرت و ئەو یەك دوو رۆژەش چاوەڕێی كرد.

### روون بوونەوەی كێشەكە

هەفتەیەكی پێچوو، چ دەنگوباسێك نەبوو، تا ئێوارەیەك پارێزەرەكە تەلەفۆنی بۆ كرد و پێی گوت كە بەیانی دوای نیوەڕۆ بێتە نووسینگە كارێكی گرنگی پێیە. ئەوەبوو رۆژی دواتر چووە نووسینگەی (فەرحان) بێنی، چوار پێنج كەسی تریشی لێی دانیشتووە، دوای چەند خولەكێك (فەرحان) داوای



لە پارێزەرەکە کرد کە کێشەکەیان بۆ روون بکاتەوە، ئەویش بەمشێوەیە باسی کێشەکەی بۆ کردن و گوتی: من چوار پێنج بریکارنامەی (مەجید)م لەکاك (فەرحان)ەوە وەرگرت کە زەوی و خانووی (مەجید) بەناوی کڕیارەکان بکەم، بەڵام دوای ئەوەی دەستم کرد بە جێبەجێکردنی مامەڵەکان بینیم هیچ موڵکێك لەو موڵکانەی کە فرۆشتوونی بەناوی ئەوەوە نەماون و هی کەسانی ترن. منیش ئاگاداری کاك (فەرحان)م کردەوە کە بەڵکو ئاگاداری (مەجید) بکاتەوە، چونکە من کە مەسەلەکەم زانی هەوڵمدا پەیوەندی پێوە بکەم، بەڵام تەلەفۆنەکەی داخرابوو. ئەویش هەوڵی دا بەهەر جۆرێك بێت بیدۆزێتەوە، بەڵام بێسوود بوو، وا دیارە خۆی ون کردووە و هەوڵێکی زۆری داوە تا ماڵەوەیانی ناسی و قسەی لەگەڵ باوکەکەی کرد. بەڵام ئەویش بێ ئاگایی خۆی لەم مەسەلەیە نیشاندا. بە کورتی (مەجید) فێڵی لە ئێوە کردووە، هیچ یەکێك لەو موڵکانەی ئێوە لێتان کڕیوە بەناوی خۆی نەماونەتەوە و فرۆشتوونی. پێشتر کڕین و فرۆشتنی پێکردوونە. ئەو جارەش کە بە ئێوەی فرۆشتوونەتەوە خاوەنی راستەقینەکانیان کە هەمووی کەمتر لەمانگێکە کڕیویانە ئاگایان لەم بەزمەی (مەجید) نییە، دوای ئەو قسانە مشتومڕ کەوتە نێوان (فەرحان) و کڕیارەکان و دەمەقاڵەیەکی توندیان لە نێواندا دروستبوو، تا وەکو پارێزەرەکە بەوە هێمنی کردنەوە کە ئەو ئاگای لە مەسەلەکە نییە و ئامادەیە پارەی دەلاڵییەکەیان بداتەوە و لە دادگاش شایەتیان بۆ بدات کە (مەجید) ساختەکاری کردووە و فێڵی لەخۆی و لەوانی تریش کردووە. بەمە کێشەی نێوان (فەرحان) و کڕیارەکان بڕایەوە و مەسەلەکە بە سەلامەتی کۆتایی پێهات.

## بردنی کێشەکە بۆ دادگا

(هێرش) و ئەوانی تر، رێگە چارەیەکیان لە پێشدا نەما ئەوە نەبێ، پەنا بۆ دادگا بەرن، بەڵام کێشەکە ئەوە بوو (مەجید) خۆی ون کردووە و ئەوانیش نایدۆزنەوە. هەموویان رێککەوتن کە لێی خۆش نەبن تا وەکو لە بەندیخانە توندی دەکەن و پارەکانی خۆیان لێوەردەگرنەوە. بەمشێوەیە سکاڵایان لە دژی تۆمار کرد و بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ دەرکرا. ماوەیەك بەدوای داچوون و چاودێری ماڵەکەیان کرد، بێ ئەنجام بوو. وەها خۆی ون کردبوو نەبیندرێتەوە. کێشەکە دوو هەفتەی بەسەر داچوو، ناوە ناوە ئێواران دەچوونە نووسینگەی (فەرحان) بەڵکو ئەگەر رێکەوت بێ یا بەهەڵە (مەجید) لەوێ ببینن و دەستگیری بکەن. ئەوان بیریان بۆ ئەوە دەچوو کە رەنگە پاسەپۆرت پەیدا بکات و لە رێگەی فڕۆکەخانە خۆی دەربازبکات، بۆ ئەوەی ئەم دەرفەتەشی بێبەش کەن داوایەکیان دایە دادگا بەڵکو ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی فڕۆکەخانەش بکرێتەوە نەبادا لەو رێگەیەوە دەرباز بێت. ئەوەبوو دوای هەفتەیەك (مەجید) بە دەستگیرکراوی هێنرایە دادگای لێکۆڵینەوە و بنکەی پۆلیسیش ئاگاداری (هێرش) و دادخوازەکانی تریان کردەوە کە (مەجید) دەستگیر کراوە، (هێرش) و کڕیارەکانی تر دڵیان خۆش بوو کە گوایە پارەکانیان وەردەگرنەوە و تازە ئەوە دەستگیرکراوە. کە رووبەڕووی بوونەوە دادخوازەکان (هێرش) و ئەوانیتر دووپاتیان کردەوە کە هەوە، دوای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی (مەجید) زۆری خۆ هێناوبرد نکۆڵی کرد. پاشان کڕیارەکان لەنێو خۆیاندا رێککەوتن ئەگەر نکۆڵی نەکات و پارەکانیان بۆ بگەڕێنێتەوە ئەوا هەموویان لێی خۆش دەبن. پتر لە هەشت نۆ رۆژێك لە بەندیخانە مایەوە، ئینجا وردە وردە خەریك بوو ورەی بەردەدا و وایلێهات بە دڵ حەزی دەکرد کێشەکەی لەکۆڵ بێتەوە. هەواڵی بۆ کڕیارەکان نارد کە لە بەندیخانە سەری بدەن بۆ ئەوەی گفتوگۆیان لەگەڵدا بکات. ئەوانیش لە رۆژی سەرداندا چوونە لای و پێیانی گوت: ئەگەر ئێوە بەراستی لێم خۆش بن و بڵێن ئێمە مامەڵەی کڕین و فرۆشتنمان لەنێواندا هەبووە، ئەوە ئامادەم بە هەر قیمەتێك بێت پارەکانتان بۆ بگەڕێنمەوە. هەرچەندە من ساختەچی نیم و لە مامەڵەکردندا زەرەرم کردووە. کڕیارەکان مەرجی ئەوەیان بۆی دانا یەکەمجار دەبێت پارەکانیان بداتەوە ئینجا لەپێش دادگا لێی خۆش دەبن. دوای دوو سێ رۆژ هەر کڕیارە و دوو لەسەر سێی پارەکانیان بۆ گەڕاندرایەوە ئەویدیشی لای خۆی هێشتەوە. تاوەکو لە پێش دادگا لێخۆشبوونەکە دەردەبڕن. کڕیارەکان چاریان نەما و لە رۆژی دادگاییکردندا هەموویان لە ماف و داواکەی خۆیان خۆش بوون و بەمجۆرە دادگا بڕیاری ئازادکردنی دا و ئەوانیش دوای یەك دوو رۆژ ئەو بڕە پارەیەی کە مابوویانەوە لێیان وەرگرتەوە، (مەجید) پێش ئەوەی بگیرێت لە ماوەی کەمتر لە دوو هەفتەدا بە پارەکەی ئەوان هەندێ مامەڵە و کڕین وفرۆشتنی زەوی و خانووی کردبوو، قازانجێکی چاکی لەو مامەڵانە کردبوو، بۆیە کە پارەکانی دانەوە هیچی زەرەر نەکردبوو، بەوەش باش بوو هیچی لەپارەکان خەرج نەکردبوو، بۆیە نە کڕیارەکان پارەکانیان لە قیس چوو، نە ئەویش هیچی زەرەر کرد. بەڵام ئەوەی کە چاوی (مەجید)ی ترساند زوو کێشەکە لە کۆڵ خۆی بکاتەوە و تەمبێ بێ، نوشتنی تاڵاوی بەندی و بەندیخانە بوو..

# (سوزی)، بەهۆی کارەبا گرتن



نیوەڕۆیەکی مەرگەسات ئامێز (سەرباز) دەمێك ساڵ بوو نەچووبووە ماڵی (فەهمی) کوڕە خەزووری، ئەو ڕۆژە سەردانی ماڵێکی ناسیاوی خۆیانی دەکرد و بۆ پرسە و سەرەخۆشی چوو بووە سەردانیان ئیتر دوای پرسەو سەرەخۆشی لێکردن و نیوکاتژمێرێك دانیشتن و ئەمجا داوای عوزر خواسەی لێکردن و هەستا ڕۆیشت، کە هاتە دەرەوە لەسەری کۆڵانەکە پێچی کردەوەو شتێکی بەمێشکی داهات و دڵی نەرم بوو کە بچێ سەردانی ماڵی (فەهمی) یش بکات و بەڵکو ئەو ساردییەی لە نێوانیاندایە نەمێنێ، لە کۆڵانی دووەم پێچی کردەوەو ڕێك بەرەو ماڵی (فەهمی) گەیشتە بەر دەرگاکە و ویستی لە دەرگاکە سەیر بکات، بەڵام نەیزانی چی بوو، هەستی بە دڵتەنگییەکی سەیر کرد، شتێك وەك گرێ لەسەر دڵی دروست بوو،وەك ئەوەی بڵێی مەچۆرە ئەم ماڵە، دەمێك وەستا و خەریکی لێکدانەوەی هەڵوێستی چوونوو نەچوونەکەی بوو، تۆزێك هەناسەی سواربوو، تاریکاییەکی کورتخایەن بەری چاوی گرت، بەڵام هەر زوو بەری دا، نەیزانی وای بەسەرهات، دەتگوت دەنگێك لە ناخییەوە هاواری دەکرد و بە کزی پێی دەگوت: (سەرباز)تۆ ئەوەندە ساڵە چاوت بە ماڵی (فەهمی)نەکەوتووە، ئێستا بێ پێشەکی و لە ختو خۆڕایی، بێ بۆنە و هۆیەك، خۆت بە ماڵی دا دەکەیت، چییە، چیت بەسەر هاتووە؟

نەکەی بڕۆیە ئەم ماڵە، ئاخیرییەکەی شتێك هەر ڕوودەدات، مەچۆرە ژوورەوە، باش نییە، تاوێك لە بەردەگا ڕاوەستا نەیزانی چەند بوو، چەند خولەك، چەند سات بوو، نەیزانی وردە وردە هاتەوە سەرەخۆو هێمن بۆوە و بەخۆی گوت: پەککو ئەو دڵ گوشرانە چی بوو، دەتگوت گرێییەك لەسەر دڵم دروست بوو...هەندێ ناوی خودای هێناو لە دەرگاکەی دا، ئەوەندە پێنەچوو(سوزی)کە تازە هەراش دەبوو، دەرگاکەی کردەوە کە دیتی (سەرباز)ی مێردی خوشکیەتی، هاواری لێهەڵسا و خۆی بە باوەشی داکرد و (هێی هێی کاکە سەربازە......) سەرباز کە(سوزی) زۆر خۆشدەویست بەتایبەتی کە ئەمساڵ لە پۆلی شەشەمی سەرەتاییەوە بە یەکەم دەرچووبوو، (سوزی) بە ئامێزگرت و تێر ماچی کرد.

(سەرباز) لەبەر چەند شتێك(سوزی) زۆر خۆشدەویست یەکێکیان ئەوەبوو کە کچە بێ باوك بوو، کە باوکی کۆچی دوایی کرد ئەو تەمەنی هەر شەش ساڵێك دەبوو، لە قوتای زیرەك و زرنگ بوو، خۆشی هەتا بڵێی کچێکی گوێڕایەڵ و هێمن و عاقڵ بوو، وای هەست دەکرد کچێکی خۆیەتی.. (سەرباز) کە تێر( سوزی) ماچ کرد، لە باوەشی کرد و چووە ئەو ژوورەی کە(فەهمی) لێبوو(فەهمی) تازە لە دەوامی فەرمانگەی هاتبۆوە، کە چاوی بە(سەرباز) کەوت هاتە ژوورەوە، لەبەری هەستا و بە گەرمی بەخێرهاتنی کردو و ئەملا و ئەولای یەکتریان ماچ کرد، دەبێ ئەوەش بڵێم کە بێجگە لە(سوزی)(سەباح)یش کە لە (سوزی) بە ساڵێك بچووکتر بوو، هەردووکیان پاشە بەرەبوون، لە ماڵی (فەهمی) برا گەورەیان بوون(سەرباز) ئامێزی لە (سەباح)یش ناو یەك دوو ماچی لەملا و ئەولای ئەویش کرد و دەستی لە گیرفانی نا ئەو خوردەیەی لە گیرفانی بوو دەریهێناو دای بەوان و پێی گوتن: دەبڕۆن بۆ خۆتان بڕۆنە دووکان و شت بکڕن و وەرنەوە، بەڵام هەردووکیان گوتیان ئێستا نیوەڕۆیەو دنیا زۆر گەرمە دوکانەکە داخراوە، پاشنیوەڕۆ دەچین بۆ خۆمان

# ـەوە، یان بەهۆیەکی ترەوە مرد ؟

شت دەکرێن..(سەرباز) تاوێك دانیشت و خێزانی (فەهمی) پەرداخێك ئاوی ساردی بۆ هێناو خواردییەوە لەگەڵ (فەهمی) هەندێك قسەیان کردوو، بەڵام ژوورەکە زۆر گەرم بوون لەبەر گەرما و ئارەق سڕینەوە کەڵکی دانیشتن نەبوو، زۆری پێ سەیرهات لەو گەرمایە بە تینەدا ئامێری فێنککەرەوەکە کوژاوەتەوە بۆیە (فەهمی) پرسی: ئەرێ ئەوە بۆ فێنککەرەوەکە پێناکەن (فەهمی)یش گوتی: وەڵلا نازانم بۆ ئیش ناکات، وا بزانم شۆرتێکی کارەبایی تێدایە، ئێمەش لەبەر ئەو شۆرتە کوژاندوومانەتەوە کوا دەرنا فیسێك و پلایسێکم بدەنێ من چاکی دەکەمەوە، خێزانەکەی (فەهمی) چووە ژوورەکەی تر و هەردووکیانی بۆ هێنا، لێوەرگرت و چووە دەرەوە و خۆی بە چاککردنەوەی فێنکەرەوە کە خەریك کرد و (سوزی و سەباح)یش دەستیان لەسەر ئامێرەکە دانابوو کە ئەو وایەرێکی دەقرتاند و لەگەڵ یەکێکی دی دەیبەستەوە، ئینجا دەستێکی بە پەروانەکەدا هێنا و بە توندی سوڕاندی لەگەڵ سوڕاندنی پەروانەکە کارەبا هاتە ناو ئامێرەکە و دەموودەست(سەرباز)ی مەترێك زیاتر فڕێدا... بەڵام(سوزی و سەباح) هەروا بە فێنککەرەوەکەوە نووسابوون و(سەباح) زەیرەی دەکرد و نەشیدەتوانی خۆی لە فێنککەرەوەکە رزگاربکات،(سەرباز) دوای ئەوەی کارەبایەکە تێهەڵدا، راست بۆوە و پاڵێکی بەهێزی بە (سەباح و سوزی) یەوەنا و لە فێنککەرەوەکەی کردنەوە ئینجا هەردووکیان کەوتنە سەر زەوییەکە و لە پەل و پۆو لە گۆکەوتن(سەرباز) هاواری لێهەڵسا و بانگی (فەهمی) کرد، ئەم رووداوە هەمووی نیو خولەکی پێچوو،کە(فەهمی) گوێی لە هاواری (سەرباز) بوو، بە هەڵەداوان خۆی گەیاندە حەوشەکە، ئەو شوێنەی فێنککەرەوەکەی لێبوو بینی (سەرباز) لەلایەك و(سەباح و سوزی)یش لە سوچێکی حەوشەکە، رەنگ زەرد و رەنگ پەڕیو کەوتوونەتە سەر زەوییەکە ، یەك بەخۆی هاواری لێهەڵسا

و بانگی خێزانەکەی کر(سەرباز)یان هەڵساندەوە کە هاتەوە سەرەوە خۆ، یەکسەر هاواری لێهەڵساو پێی گوتن بگەنە(سەباح و سوزی) واز لەمن بێنن...
لەگەڵ قسەکەی بە خۆشی هەستایەوە سەرپێ، پێکرا هەردوو منداڵەکەیان گەیاندە ناو ئۆتۆمبێلەکەی (فەهمی) و بە پەلە لێیخوڕی بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتن(سەباح) هۆشی لەسەر خۆی بوو، ناوە ناوە دەیزریکاند، بەڵام(سوزی) بێهۆش و بە حاڵ هەناسەی دەدا، هەر کە گەیشتنە نەخۆشخانە،فەهمی (سوزی) لە باوەش کرد و هاواری دکتۆری کرد، لەسەر قەرەوێڵەیەك داینا و گوتی: کارەبا لێی داون، (سەرباز)یش هەروا (سەباح) لە باوەش کرد و لەسەر قەرەوێڵەیەکی دانا، یەك دوو دکتۆر لەسەری کۆبوونەوە و ئامێری ئۆکسجینیان خستە سەردەمی و ئاویان خستە سەری و دەرزیان لێیدان ئەو حاڵی تا رادەیەك باش بوو، بەڵام (سوزی) چۆن بێهۆش بوو هەروا مابۆوە، دکتۆرەکان زۆریان لەگەڵ هەوڵدا، بەڵام هێندەی نەبرد، ئەو برە هەناسەیەی مابوو ئەویشی بڕا، دوای هەوڵێکی زۆری پزیشکەکان، ئاخیرییەکەی وازیان لێهێنا و چەر چەفێکیان بەسەر سەری دادا و بەجێیان هێشت، کە(فەهمی) و(سەرباز) دیتیان دکتۆرەکان وازیان لێهێنا زانیان چ کارەساتێك قەوماوە،(فەهمی) خۆی بۆ نەگیرا، تاوی دایە(سەرباز) و بە مشتە کۆڵەو شولاق و هەرچی لە دەستی هات و لە توانایدا بوو پێیدادا و لێیدا، بەڵام(سەرباز) لەسەری خۆی دەدا و هیچی نەدەگوت(فەهمی) ئەوەندەی لێدا وەك ئەوەی بڵێی هەر ئاگاشی لێنەبوو، هیچ شتێکی بەرامبەر بە(فەهمی) نەگوت تاوەکو پۆلیسی نەخۆشخانە هاتن و (فەهمی)یان بردە دەرەوە و دەستیان بە لێکۆڵینەوەکرد بۆ ئەم مەبەستە(سەرباز)یان لای خۆیان گلدایەوە، دۆسییەیان رێکخست و لیژنەیەکی پزیشکی هاتنە سەر(سوزی) بۆ زانینی هۆی راستەقینەی مردنەکەی. دەرکەوتنی راستیو پەشیمان بونەوەی

(فەهمی) لە رەفتارەکانی (سەرباز) وەکو منداڵێك کە تازە دایك یا باوکی مردبێ لەو ژوورەی کە پۆلیسەکان دایانابوو و گلیاندابۆوە، دەگریا و دەنووزایەوە، دوای ئەوەی دایکی (سوزی) و خۆشکەکانی تری هاتنە نەخۆشانە و بووە زیراندن و لە خۆدان و گریان و باوکەرۆ (سەرباز) هێندەی دیکە بە کۆڵ دەگریا و هاواری دەکرد وەرن بمکوژن من بوومە مردنی ئەو منداڵە بەستەزمانە، دیمەنێکی جەرگبڕ و دڵتەزین بووکاتێك ئەوانەت دەدیت وا شیما و گریان دەکەن(سەرباز)ساڵانێك بوو پێی لە ماڵی (فەهمی) بڕی بوو، دوای ئەو ماوە دوور و درێژە کە بۆ ئەوێش چوو، ئەو کارەساتە خولقا، خۆی بە هۆکار دەزانی، لەولاشەوە دایکی (سوزی) دەبینی کە هەمووی ماوەیەك بوو بێوەژن بوو، هێشتا لەسەرینی مردنی مێردەکەیەوە جلی رەش دانەکەناندبوو، ئەوە ئەو جارەش بە مردنی جگەر گۆشەیەکی دووبارە جەرگی سووتایەوە، ئەوانە هەمووی هورژمێکی بەهێزی بۆ سەر و دڵی دەهێنا و وەکو دەڵێن هۆڕ هۆڕ پێی دەگریا، پاش یەك دوو کاتژمێر(سەرباز)یان لە ژوورکە هێنایە دەرەوە و ئەفسەرەکە پێی گوت: چەند پزیشکێك منداڵەکەیان پشکنیوە و دەڵێن کە منداڵەکە بە کارەباکە نەمردووە بەڵکو بەخۆی پێشتر رۆماتیزمی دڵی هەبووەو بەو هۆیەوە مردووە، کەسوکاری (سوزی)یشیان بانگ کرد و هەمان شتیان پێگوتن، بەمە تۆزێك لە رق و کینە و غەزەبیان لە بەرامبەر (سەرباز) کەمبۆوە، دوای بردنەوەی تەرمەکەی و بەسەر چوونی ماوەیەکیش بەسەر ئەم کارەساتە، ئێستاشی لەگەڵ دابێ (سەرباز) هەر خۆی بەسەبەبکار دەزانێ و ئازاری ئەو رووداوە دەکێشێ و هەموو جارێك دەڵێ: ئەگەر من نەچووبامایەماڵی (فەهمی) و دەستم لە کارەبای ئامێرەکە نەدابایە ئەو رووداوە بۆ روویدەدا ، یا منداڵەکەش نەخۆشبایە، کێ دەڵێ لە نەخۆشییەکەی چاك نەدەبۆوە.....